کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

5-10-2007 20:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**من و ژیان ... بەکر حەبیب**

تەمەن هەمووی ڕاموسینە
پڕ لە ژان و ڕاچەنینە
گریان و کورنوشی شەوە
هاودەمی مۆتەکەی خەوە
ژان و ئازاری ویژدانە
هاوڕێی هەمیشەی زۆرانە
توێشوویەکی کەڕوودارە
خەندەیەکە وەک ئازارە
پڕ بێ هیوایی و کەسەرە
پیرەدارێکی بێبەرە
ئاکامی هیچ و مردنە
تەمەن بە تالان بردنە
گێنگڵی نێو شەوە زەنگە
مەلە لە ناو ئاوی مەنگە
پڕ ئاستەمە ساتێ دڵی
هیوای بێ یەک خونچە گوڵێ
هاوتەریبە لەگەڵ عەدەم
گیانیبەگیانیە بۆ غەم
تاسەی فەنا هەموو شەوێ
جەلبی گیانی لە من دەوێ
بۆیە دەخوازم لە یەزدان
بیباتەوە بۆ خۆی ژیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.